# هه ڕه شه ی ڕێبه رانی کورد بۆ جیابوونه وه له ئێراق

نووسه ر : فه همی هووه یدی

وه رگێڕ بۆ کوردی: ڕێناس جاف

"مه سعوود بارزانی" به کامه پاڵ پشت بۆ داهاتووی ئێراق، شه رت و مه رج
داده نێ  و وشدار ده دا گه ر شه رت و مه رجه کانی ڕه چاو نه کرێن و
جێ وه جێ نه بن،کورد له"کاتی خۆیدا" له ئێراق جیا ده بێته وه؟
ئه و پرسیاره  پاش لێدوانه که ی سه رۆکی هه رێمی کوردستان له کۆڕه
تایبه ته که ی په رله مانی کوردستان له هه ولێر،له لایه ن زۆربه ی
گرووپه کانه وه هاته ئاراوه.
بارزانی له و جڤینه دا به ڕاشکاوی ڕایگه یاند: " ئێمه ناچینه ژێرباری شوناسی  ئیسلامی ئێراق... به شی عه ره ب
نشینی ئێراق،پاژێکه له
نه ته وه ی عه ره ب،به ڵام ئێمه به شێک له نه ته وه ی عه ره ب نین." بارزانی هێڵه سووره کانی کوردانی دیاری
کرد و له ئاست هه ر چه شنه کات کوشتن بۆ وه دی هێنانی ئه و داخوازانه ، وشداری به  به رپرسانی
ئێراقی دا. پرسی شوناس، سنووری جۆگرافیایی کوردستان،پرسی پێشمه رگه،
دابه شکردنی داهات و ماده ی 58، هێڵه سووره کانی کوردان ده گرێته وه.
بارزانی  پێبه نبوونی گرووپه کانی دی به ئه رکی وان ده زانێ  که دیاره
ئه و هێڵه سوورانه ش ،له پێناوی ئامانجێکی تاقانه دان واته  جیابوونه وه له ئێراق، له ڕاستیدا مه به ستی ئه و
هێڵانه،وه ده س خستنی
که رکووک و نه وته فره و فره وانه که ی، دانانی سوپاێیکی سه ربه خۆ
(ژماری ئێستای هێزی پێشمه رگه 80 هه زار که سه  و هه وڵ ئه وه به
شێوه ی به پلان بچێ بۆ 300 هه زار که س) و په سن کرانی فیدراڵیزم ومافی  نه یارێتی کوردان له ته ک هه ر
یاسایێیکی په سن کراوی
په رله مانه  ته نانه ت گه ر ده نگی زۆرینه شی له گه ڵ بێت.
ئه وه ی  ئه مجاره بارزانی له لێدوانه که یدا  هێنایه گۆڕێ، پێشتریش
له لایه ن خودی وی و ڕێبه رانی دی کورده وه تیشکی خراوه ته سه ر .
به ڵام ئه وه ی بایه خی وته کانی ئه مجاره ی بارزانی ده رده خات،
ئاخاوتنی توندی وی بوو ؛به جۆرێ وته کانی به له ونێ بۆنی" هه ڕه شه بۆ
جیابوونه وه "یان لێوه ده هات. پڕ روون و ئاشکرایه بارزانی له جڤینه که ی
په رله مانی کوردستان دا ده یه ویست په یامێک بۆ ڕێبه رانی ئێراقی نێو به غا بنێرێ  که هه وێنه که ی ئه وه یه :
" گه ر نه چنه ژێر باری
داخوازه کانی مه (که به مافه سه ره تاییه کان نێوی لێ بردن) ڕێی ئێمه له ئێوه جیا ده بێته وه."
له که س شاراوه نییه مه به ستی سه ره کی جڤینه تایبه ته که ی
په رله مانی کوردان له  هه ولێر، هه ر له به ر ئه نجامی ئه و لێدوانه      وشداری ده رانه  بوو. له ڕاستیدا
بارزانی ده یه ویست په یامی
وریاکه رانه ی  به گوێچکه ی نوێنه رانی گرووپ و پارته سیاسییه کانی
ئێراقی بگه یینێ که تنها مژولی ئه نجامی وتووێژ بۆ یه کلاکردنه وه ی
په سن کرانی یاسای بنچینه یی ئێراقن؛ به تایبه ت هه ندێ هه واڵ و باس
له ده سدان  له سه ر هه بوونی چه ن بابه تێ له ڕه شنووسه که ی

یاسای بنچینه یی دا که ده گه ڵ داخوازه کانی کوردان و هێڵه سووره کانی
دیاریکراو له لایه ن بازانی یه وه نایه نه وه.
لێدوانه توونده که ی بارزانی ئه و پرسیاره ده خاته سه ر زه ین هه تا
چه نده کۆمه ڵگه ی کورد کۆکه ده گه ڵ وته کانی بارزانی،ئایا زۆرینه ی کوردان وته کانی بارزانی یان لا په سه نه
یان ئه وه ی داواکانی بارزانی
خواست و داواکاری ڕێبه ران و ڕووناکبیرانی کورده که دوژمنایێتی خۆ
ده گه ڵ سه دام و حکومه تی به عس،ده گوێزنه وه بۆ دوژمنایێتی له گه ڵ
هه موو کۆمه ڵگه ی عه ڕه بی و هه ر چه شنه پێوه ندی ده گه ڵ جڤاکی
عه ڕه ب و ئیسلامیش ڕه ت ده که نه وه.
ڕووناکبیرانی کورد به ده کار گرتنی هه ست و نه ستی ناسیۆناڵیستی و
ڕه نج و کوێره وه ری فره و فره وانی میلله تی کورد، له هه وڵی ئه وه دان
بکه ونه دوژمنایێتی ده گه ڵ ئیسلام و موسڵمانان و بگره هه موو
عه ڕه به کانیش.
هیچ به دووریشی مه زانه ده ستانی بێگانه له و دیو په ره پێدانی ئه و
دوژمنایێتی و جیابوونه وه ی کوردان له جڤاکی عه ڕه ب و موسڵمان بن و
ده یانه وێ کوردستان وه ک چه کێ بۆ ئامانجه که ی خۆ ده کار بێنن.
ده بێ دان به وه دا بنێین بانگ بۆ دوژمنایێتی و جیابوونه وه لای کوردان
پڕ لاگری په یا کردووه ، به تایبه ت ڕه نج و ژان و چه رمه سه ری و
به رسته م که وته یی کوردان،له سه ر پێک هێنانی وا که شێکی
ژاراوی گه لێ کاریگه ر بووه.
هه ندێ له ڕێبه رانی کورد له هه وڵی ئه وه دان به ره ی نوێ به هه ست و
نه ستێکی ته واو دوژمنکارانه له حاند هه ر شتێک ماکی عه ڕه بی و ئیسلامی پێوه بێت ،بار بێنن.
به گوێره ی ڕاپۆران ئه و جۆره هه ست و نه سته هه تا دێ له ناوچه کانی
کوردنشیندا زێتر په ره ده ستێنێ، به جۆرێک له و ده ڤه رانه دا به
شێوه یێکی سووک ده گه ڵ عه ڕه به کان ،هه ڵس و که وت ده کرێ،
له به شی کوردنشینی ئێراقدا زمانی عه ڕه بی نرخه که ی جارانی
نه ماوه و پاش زمانی کوردی و ئینگلیزی،له پله ی سێهه مدایه.
له وا باردۆخێکدا به ره یێک پێده گات به زمانی عه ڕه بی قسان ناکا و
به چه شنێک ده گه ڵ عه ڕه به کان هه ڵس و که وت ده کرێ،ئێژی ئه وان
به ر پرسی هه موو سته م و جه نایه ته کانی ڕژێمی به عسی دژ به کوردانن که چی خودی عه ڕه به کانیش که م وه
به ر زوڵم و سته م
نه که وتوون. گه لێ ڕوونه به ده سه ڵات گه یشتنی ڕێبه رانی کورد
ئه گه ڕێته وه بۆ سێ هۆکاری لاگری و پشتیوانی ئه مریکا،له ناو چوون و
نه مانی حکومه تی ئێراقی و ناکارامه یی و لاوازی عه ڕه به کان.
ئه و سێ هۆکاره بوونه ته مایه ی ئه وه ی ڕێبه رانی کورد به ده سه ڵات
بگه ن به ڵام ئه مه کاتییه و پاوه جێ نابێت. بۆیه وته کانی
وشداری ده رانه ی ڕێبه رانی کورد و شه رت و مه رجه کانی وان، له داهاتوودا به زیانی خودی کوردان ده رده چێ.
هه ر بۆیه کورد ئیدی
ناتوانێ پێوه ندییه کی ئاشتیخوازانه ی ده گه ڵ جیرانه عه ڕه ب و
موسڵمانه کانی هه بێت. سه ر باری ئه وه ش پرسی سه ربه خۆیی و
جیابوونه وه له دۆخی ئێستای ناوچه دا ڕه نگه شوێنهاتی
قه ره بوو نه کراوی بۆ ناوچه له دوو بێت.
ڕێبه رانی کورد به تایبه ت بارزانی ئاماده یی خۆیان بۆ تێکه ڵبوون به و

یارییە پڕمە ترسییە ڕاگە یاندووە.
لە سای ئە و ڕە وشە دا هیچ بە دووری مە بینە کورد خە سارێکی گە ورە تر
لە خە ڵکانی دی لێکە وێ ،بۆیە لە سە ر ڕووناکبیرانی کوردە پێش بە توندڕە وی ڕێبە رانیان بگرن و ڕێگە چارە یێک
بۆ ئە و پرسە ببیننە وە.
بە دە رکە وتنی ئە و هۆکارە جێی پە رۆشییانە ، ڕێکە وتنی نێوان شیعە و
سوننە ی عە ڕە ب بۆ پە سن کردنی هە ندێ لە مادە و بڕگە کانی یاسای
بنچینە یی  کە یە کیە تی  نە تە وە یی بە هێز دە کات،ڕووداوێکی
ئە رێنییە  بە ڵام ڕێبە رانی کورد لە بە ر لە کیس دە رچوونی هە لی
 سە ربە خۆیی کوردان ،لە داهاتوودا وە بە ر نە یارێتی دە کە ون.
ڕێکە وتنی نێوان شیعە و سوننە ی عە ڕە ب لە سە ر یاسای بنچینە یی
ئە وە دە گە یینێ  دوولا لە وە  گە یشتوون مە ترسییە ک هە ڕە شە لە
یە کیە تی نە تە وە ییان دە کات(ئە و مە ترسییە ی ڕێبە رانی کورد
ڕە چاوی ناکە ن) جا لە سە ر هە موو مرۆڤێکی نیشتمانپە روە رە هە تا
بۆ پاراستنی یە کیە تی و یە کپارچە یی،ڕا  بێت و وە خۆ بکە وێ.
ماوە یێک بوو گرووپە کانی سیاسی ئێراق کە پاش نە مانی حکومە تی
بە عس لە شانۆی ئێراقدا سە ریان هە ڵداوە، بە رژە وە ندی باڵە کە ی
خۆیان لا گرینگتر بوو. هە ر ئە و بابە تە ش بوو بە مایە ی بە لاڕێدا چوونی
چالاکییە کانی نە تە وە یی نێو گۆڕە پانی سیاسی ئێراق.
ڕێکە وتنە کە ی ئە م بە ینە بایە خی سە ریە تی بە ر ژە وە ندییە کانی
نە تە وە یی  زێتر خۆیا دە کات. ئە مە گۆڕانێکی گرینگە  کە هیوا وایە
سە رە تایێک بێت بۆ گرتنە بە ری هە ڵوێستێکی هاوبە ش لە لایە ن
هە موو گرووپە کانی ئێراقییە وە، بە و کارە شیان ناکۆکییە کانی ساختە ی
دە س داگیرکە ران لە نێوانیاندا وە لا نێن.
ئە مرۆکە هە ر تاکێکی ئێراقی  دە توانێ پێبە ن بە شوناسی ڕە گە زی و ئایینی خۆی بێت،بە ڵام دە بێ بشزانێ
شوناسە کە ی لە چە ن بە شان
پێک دێت کە هە ر کامە یان ئە وی دی بە هێزتر دە کات،کاتێکیش ئە و
پێوە ند ییە بە هێز دە بێت هە ر تاکێک بە و ئە قڵییە تە بگات خاوە نی
مافی شارومە ندییە و لە و بارە وە هیچ تۆفیرێکی دە گە ڵ شارومە ندانی دی بە ڕە گە ز، دین یان ئایینزای ترە وە
نییە.

ژێدە ر: ڕۆژنامە ی شە رق،یە ک شە مە 30 گە لاوێژی 2705 کوردی

وتە یێک : ئە م بابە تە م لە فارسییە وە کردووە بە کوردی، بە ڕێز
مە هدی هاشمی (ش) وە ریگێڕاوە تە سە ر زمانی فارسی، هاشمی ئە و
بابە تە ی لە "شە رقول ئە وسە ت" وە رگرتووە.
لە بە ر بایە خی ئە م بابە تە بۆ ئێستای کوردان و وریابوونە وە ی
ئێمە ی کورد لە ئاست پیلان و فڕ و فێڵی دوژمنانمان، بە پێویستم
زانی بیخە مە بە ردە م ڕووناکبیر و خوێنە ری وردبین و ژیر و بە بیری کورد. نیازم هە ر بە تە نێ ئە وە بووە و بە
س.هە تا  ئێمە ی کورد
بە دیدێکی ڕوونە وە چاو لە دونیای چوارتە نیشتمان بکە ین و ئاگا
بە وە بین ڕووناکبیری عە ڕە ب چە ندە پە رۆشی بە رژە وە ندی
نە تە وە یی  خۆیە تی.

31 گە لاوێژی 2705 کوردی